چوامینی تووشی پێکان بووە لە قاچی چەپیدا و نزیکەی مانگێک لە یاریگاکان دوورد‌کەوێتەوە

چوامینی تووشی پێکان بووە لە قاچی چەپیدا و نزیکەی مانگێک لە یاریگاکان دوورد‌کەوێتەوە.

یانە ریاڵ مەدرید لە ماڵپەڕی فەرمی خۆی بڵاویکردەوە، دوابەدوای ئۆو پشکنینانەی بۆ ئەریلیان چوامینی ناوبراستکاری یانێک ئەنجامدراوە دەرکەوتووە تووشی پێکانێک بووە لە ماسولکەکانی قاچی چەپیدا و چاودێری چاکبوونەوەی دەکرێت.

پێکانێکەی ئەستێرەکە بە یارییەکەی رۆژی سێشەممەی بەرامبەر لیڤەرپول دەگەڕێتەوە، بە گوێرەی زانیارییەکانی کادینا سەریش، چوامینی لە سێ یاری داهاتووی یانێکەی بەرامبەر رایۆ ڤایکانۆ، ئەڵچێ و ئەڵمپیاکەس بەشداری ناکات و دادبڕێت.

دووركەوتنەوەی ناوبراستکارە فەڕەنسییەکە گورزێکی کوشندە دەبێت بۆ ئەڵەنسەی راهێنەری ریاڵ مەدرید چونکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە چوامینی دەبەست و یەکێک بوو لە یاریزانە گرنگەکانی پیکهاتەکەی.